گوتاری پیاوانی ئایینی

تێکەڵەیەك لەجەهل و تەشهیر و تەکفیر

♦ سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی

بەشی چوارەم

لەم بەشە بەسەر کۆمەڵێك قسەوقسەڵۆك وبڕوبیانوی لاوازی تری وەڵامنامەکەی (یەکێتیی زانایان) دا دەچمەوە و وەڵامی ڕاستەوخۆ لەسەر هەندێك تەوەری تر دادەنێم.

پێغەمبەرپەرستی لە کولتوری ئیسلامیدا

لە نوسینی پێشودا (بەشی ١، ژ. ٢٨٣. لا. ٥) ئاماژەم کردبو بۆ دیاردەی (پێغەمبەرپەرستی) وبەگشتی (کەسپەرستی) لە کولتوری ئیسلامیدا. وەڵامی (یەکێتیی زانایان) یش (بەشی ١. ژ. ٢٨٧. لا. ٥) ئەوەیە دەڵێن: "ئەوە کولتور نیە ولە دەقە قورئانیەکاندا ڕێزی زۆر لە پێغەمبەری ئیسلام گیراوە بەشێوەیەك کە هەمو جارێك بە (النبیَ) و (الرسول) بانگی دەکات نەك بە ناوی خۆی، لە هەر شوێنێکیشدا ناوی خۆی هاتبێت بەدوایدا وەسف کراوە بە (رسول). کەواتە ڕێزگرتن لە پێغەمبەر دەگەڕێتەوە بۆ خودی قورئان". من دەڵێم (پێغەمبەرپەرستی) وئەوان دەڵێن "پیرۆزی وڕێز"! پێغەمبەرپەرستی شتێکە کە لەگەڵ دەقە قورئانیەکانیشدا پێچەوانەیە، بەڵام ئەوان باسی ئەوە دەکەن کە لە قورئاندا پێغەمبەر بەڕێزەوە ناوی براوە وبانگی لێ کراوە.. ئاغایان! مەسەلەکە ومەبەستەکەی من (ڕێز) وهەتاکو (پیرۆزی) یش نیە بەڵکو مەبەستم ئەوەیە لە کولتوری ئیسلامیدا پێغەمبەر وەکو مرۆڤێکی بانسروشتی ونیمچە ئاسمانی وێنا دەکرێت وگەلێك توانای خوایی دەدرێتە پاڵ.

ئینجا بەرامبەری ئەو تێبینیەی ئێمە کە دەبینین موسوڵمان ئامادە نیە وێنەی پێغەمبەر بکێشرێت هەروەکو چۆن ئامادە نیە وێنەی خوا بکێشرێت، ئەوان سوك وباریك بازێك بەسەر ئەم تێبینیەدا دەدەن وسەرنجی خوێنەر لە جەوهەری بابەتەکە لادەدەن بەوەی قسەکەی من دەشێوێنن وئەو مانایەی بۆ دروست دەکەن کە گوایە من داوای ئەوە دەکەم خوا وێنەی بۆ بکێشرێت! کێشەی ئەم داکۆکیکارانە ئەوەیە هەمو کاتێك خۆیان لە جەوهەری قسەکانی من لادەدەن (لەبەرئەوەی وەڵامیان پێ نیە) ودەچن قسەیەکی وەهمی لە شێواندنی قسەکانی من دروست دەکەن وشەڕ لەگەڵ ئەو قسە وەهمیەدا دەکەن. لێرەدا هەمو خوێنەرێك لەوە دەگات کە مەبەستەکە ئەوەیە وەکو چۆن خوا وێنەی ناکێشرێت موسوڵمان ئامادە نیە وێنەی پێغەمبەریش بکێشێت، ئەمەش مانای وایە موسوڵمان وەکو هەبوبەکی نیمچەخوایی وبانسروشتی بیر لە پێغەمبەری ئیسلام دەکاتەوە. لەلایەکی تریشەوە بێ گومان ئەگەر من بڵێم لە قورئاندا ڕێز لە موحەممەد نەگیراوە، ئەوە بە هەڵەدا چوم، بەڵام قسەکەی من ئەوەیە کە موحەممەد لە قورئاندا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی باس کراوە بەڵام موسوڵمان ئێستە قبوڵی نیە وەکو مرۆڤێك باسی لێوە بکرێت، بۆ نمونە ناهێڵێت لە فیلمێکدا کەسێك (هەرچەند قۆز وپێکەوتە یان نورانییش بێت) نمایشی ڕۆڵی پێغەمبەر بکات! نەك تەنها پێغەمبەر بەڵکو چوار خەلیفەکەیش! یان دەنگێك لە بریی دەنگی ئەوان دابنرێت! ئەمە ئەگەر پەرستن وبەخواکردن نەبێت چ ناوێکی تری پێ دەشێت؟!

خۆش ئەوەیە موسوڵمانەکان گاڵتە بە مەسیحیەکان دەکەن لەسەر ئەوەی (عیسا) بە خوا دەزانن، لە کاتێکدا مەسیحیەکان لە چەندین فیلمدا ژیانی مەسیح نمایش دەکەن کە ئەکتەرێکی ئاسایی لەو فیلمانەدا نمایشی ڕۆڵی مەسیح دەکات، لەبەرامبەرەوە موسوڵمانان هەرچەند بەحساب پێغەمبەر ناپەرستن بەڵام ئامادە نین لە فیلمێکدا ژیانی موحەممەد نمایش بکەن وئەکتەرێك بۆ نمایشی ڕۆڵەکەی دابنێن! جا کەواتە بە واقیع موسوڵمانەکان پێغەمبەرەکەیان دەپەرستن نەك مەسیحیەکان! کەواتە پەرستنی یەشوع لای مەسیحیەکان تەنها ئایکۆنێکە وناوێکە، بەڵام پەرستنی موحەممەد لای موسوڵمانەکان هەرچەند بە ناو وئایکۆن نیە بەڵام واقیعێکی کولتوریە.

کاتێکیش لە ئیسلامدا وێنەکێشانی خوا قەدەغە کراوە، ئەمە تا ڕادەیەك گوزارشە لە (تەجریدی) بونی چەمکی خوا لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا، بەڵام ئێمە دەبینین لە دەقە ئیسلامیەکاندا زۆر سیفەتی ماددیی دەدرێتە پاڵ خوا (وەکو: بونی عەرش (وەکو پاشایەك). هەروەها هاتنی بۆ زەمینی حەشر، کە لە خودی قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە (الفجر: ٢٢)، هەروەها قورئان ئاماژە دەدات بۆ ئەوەی کە خوا بە هەردو دەستی خۆی ئادەمی دروست کردوە (ص: ٧٥)، هەروەها لە قورئاندا ئاماژە هەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ لە بەهەشتدا خوا دەبینێت (القیامة: ٢٣) هەرچەند کاتی خۆی موعتەزیلە هەوڵیان داوە ئەم وتایە لە دەقەکە دور بخەنەوە، بەڵام هەوڵێکی بێئاکامە. ئەمە سەبارەت بە دەقە قورئانیەکان، دەقەکانی حەدیس زۆر زیاتر دەڵێن: حەدیس باسی (پێ) (قدم) و (قاچ) (رجل) ی خوا دەکات کە دەڵێت خوا پێی دەخاتە سەر جەهەننەم! (بوخاری: ٤٨٤٨ ـ ٤٨٥٠ و٦٦٦١ و٧٤٤٩) وهەتاکو حەدیس باسی (پێکەنین یان سەرسامبون) ی خوایش (بوخاری: ٣٧٩٨) دەکات!!).. جا بەپێی ئەم وەسفە ماددیانە بۆ خوا لە دەقە ئیسلامیەکاندا تێدەگەین کە یەکتاپەرستیی ئیسلامی وچەمکی ئەبستراکت (مجرد) ی خوا لە ئیسلامدا تەنها لەسەر ئاستی وێنە وئایکۆنە ئەگەرنا وەکو بیرکردنەوە وچەمك ودەقەکان خوای ئیسلامییش جیاوازیی لەگەڵ خواوەندە فرەپەرستیەکاندا نیە، وحاڵی دەبین کە مەنعکردنی وێنەکێشانی خوا لە ئیسلامدا لەجەوهەردا ئەوەیە کە ئەو جیهانە فیکریە بیابانیە تەسك ویەکڕەنگە تەنها دژی هونەر و وێنە وجیاوازی وهەمەڕەنگیە، پیرۆزکراوی ماددیی خۆی هەیە کە لە جەوهەردا لەگەڵ ئایینە سروشتیەکاندا جیاوازیی نیە بەڵام ئامادە نیە بەشێوەیەکی هونەری بن: خوا عەرشی هەیە وپێی هەیە وپێکەنین وسەرسامبونی هەیە، بەڵام ڕێگە نادات کەسێك بە هونەر گوزارش لەو عەرشە یان لەو پێکەنینە بکات. یان لە کەعبەدا بەردێکی پیرۆز هەیە وجگە لەو بەردەش هیچی تری لێ نیە وموسوڵمان بەدەوری ئەو بەردەدا دەسوڕێتەوە (ئەگەرنا خۆ ـ بەپێی بیروباوەڕی ئیسلامییش ـ خوا لەوێ نیە ولە ئاسمانە، بڕوانە: قورئان: الملك: ١٦، ١٧)، کە ئەوە وەکو بەردپەرستییش ئاستێکی نزمی بەردپەرستیە، چونکە پەرستنی بەردێکی سروشتیە کە بەشێوەیەکی هونەری کاری تێدا نەکراوە بۆیە نە شێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکی هەیە نە پەیکەرە، تەنها بەردێکە وهیچی تر، بەڵام موسوڵمانان نایگۆڕنەوە بە سامانی سروشتی ومرۆیی هەمو دنیا!! وهێشتاش گاڵتە بە گەلانی کۆن دەکەن کە گوایە پەیکەری بەردیان پەرستوە. موسوڵمان ناشزانێت ئەو بەردە ڕەشەی کەعبە هێمای چیە وبۆچی دەیپەرستێت، بەڵام لای گەلانی کۆن پەیکەر تەنها هێمایەکی هونەریی خواوەندەکەیە وتەنها ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ملکەچی بۆ ئەو خواوەندە کە هێزێکی شارراوەیە لە پشتی سروشتەوە. لەلایەکی تریشەوە خوای ئیسلامی ئەو هەمو هاوکار وبەردەستەی هەیە کە پێیان دەوترێت فریشتە، لەکاتێکدا ئەوانەش لە بنەڕەتدا خواوەندە بچوکەکانن کە ملکەچی خواوەندی هەروەگەورەن ولە ئایینە فرەپەرستیەکاندا هەر بەو شێوازەیە، بەڵام لە ئیسلامدا تەنها نابێت بە فریشتە بڵێیت خوا، تەنها (وشە) ی (خوا) یان بۆ بەکار ناهێنرێت ئەگەرنا هەن ولە جیهانی خوادا جمەیان دێت وزۆربەی هەرەزۆری کارەکانی خوا ڕادەپەڕێنن!! کەواتە ـ وشتێکی ئاشکرایشە بۆ هەر کەسێك ئازادانە بیر بکاتەوە ـ ئیسلام تەنها دژی (ناو) و (ئایکۆن) و (وێنە) یە ئەگەرنا وەك بیرکردنەوە وچەمك و وێناکردن فرەپەرستیشی تێدایە وخواوەندەکەیشی زۆر لە مرۆڤ دەچێت بەتایبەتی لەشێوەی پاشایەك کە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە ومەملەکەتێکی بەرفراوان لەڕێگەی داروودەستە وڕەعیەتێکی زۆرەوە بەڕێوە دەبات! بەڵام موسوڵمان زۆر مەغرورە وگاڵتەی دێت لە فرەپەرستیەکانی تر. بەکورتی: هیچ ئایینێك لە جیهاندا نیە کە فرەپەرستی و وێنەکردنی خوای تێدا نەبێت، بە ئایینی یەهودی ومەسیحی وئیسلامی وهەتاکو یەکتاپەرستیەکەی ئەخناتۆنیشەوە، لە یەکتاپەرستیەکەی ئەخناتۆنیشدا خودی ئەخناتۆن جێگەی گەلێك خواوەند دەگرێتەوە وخۆی بە (کوڕی ئاتۆن) ناو بردوە وداب ونەریتی بەخوازانینی فێرعەون لە سەردەمی ئەویشدا ماوەتەوە وهێمای خواوەندەکەیشی هەر پەپکەیەکی خۆرە.

ئینجا مەلاکان بۆ ئەوەی وا پێشان بدەن کە لە بیرکردنەوەی ئیسلامیدا پێغەمبەر وەکو مرۆڤێکی ئاسایی وەسف کراوە، ئەوە دەخەنەوە پێش چاو کە لە کەلەپوری ئیسلامیدا وەسفی جەستەی کراوە وتەنانەت باسی موەکانی سەر وڕیشیشی کراوە! وا دەزانن ئێمە دەڵێین لە کولتوری ئیسلامیدا پێغەمبەر وەکو ڕۆحێك وێنا کراوە ونکولی لە ماددیبونی کراوە. قسەکەی ئێمە ئەوەیە کە لە کولتوری ئیسلامیدا ئەو کەسێتیە وەکو (مرۆڤ) یێکی (نائاسایی) بیری لێ کراوەتەوە وئاکاری بانسروشتیی دراوەتە پاڵی. هەتاکو ئەو وەسفە جەستەییانەی پێغەمبەریش بۆنی پیرۆزکردن وبەخواکردنیان لێ دێت: لە کەلەپوری ئیسلامیدا کاتێك باسی جەستەی ئەو کەسێتیە دەکرێت زۆر تایبەتی ونائاسایی باسی لێ دەکرێت: لە کەلەپوری ئیسلامیی ئەم ناوچەیەدا (مەحاسینی شەریفە) پیرۆزی وبایەخێکی تایبەتیی هەیە وپاشماوەیەکی پیرۆزی پێغەمبەرە کە گوایە چەند تاڵەمویەکی لاجانگیەتی، هەروەها باس لە (تف) ی پیرۆزی دەکرێت (گوایە تفی کە کردویەتیە چاوی ـ بۆ نمونە ــ عەلییەوە کە چاوئێشەی هەبوە چاکی کردوەتەوە! (بوخاری: ٢٩٤٢)، ئەی تفی ئێمە بۆچی هیچ چاك ناکاتەوە؟!)، هەروەها عەرەقی پیرۆزی (کە دەڵێن عەرەقی جەستەیان لەبەر گرتوە و وەکو گوڵاو بەکاریان هێناوە! (بوخاری: ٦٢٨١)، لە کاتێکدا عەرەق هەر عەرەقە: خوێیاوکە: ئاوە وخوێی یوریایە! ئەگەر زستان بێت زیاتر لە شوێنێکی ترەوە دەردەچێت!)، هەروەها توانای سێکسیی لەڕادەبەدەر کە دواتر باسی دێت. بەڵکو ڕەنگە بتوانین بڵێین زۆربەی ئەو وەسفە شەخسیانەی هاتون تەنها لە موبالەغە وستایشکردن وپێداهەڵگوتنەوە سەرچاوەیان گرتوە وڕەنگە ئەو ڕاوی وفەرمودەبێژانە هیچ وەسفێکی واقیعیی ئەو کەسێتیەیان لانەبوبێت، ئەگەرنا بۆچی دەبێت ئەو زاتە لە هەمو ڕوییەکەوە تەواو بێت وهیچ عەیب ونواتەواوییەکی نەبێت ومقیاسەکانی جەستەی هەموی نمونەیی بن: نە کورت نە درێژ! نە قژخاو نە قژلول! چوار شانە... بەئاشکرا دیارە کە ئەم وەسفانە هەموی وەسفی حازر وئامادەی پیاوێکی خۆشەویست وپیرۆزکراوە کە بە سەخاوەتەوە هەمو سیفەتێکی جەستەیی وڕەوشتیی چاکی پێ دەبەخشرێت، لەوانە توانای سێکسیی لەڕادەبەدەریش، کە گێڕانەوە ئیسلامیەکان دەڵێن صەحابیەك (ئەنەسی کوڕی مالیك) وتویەتی: "ئێمە لەنێو خۆماندا قسەمان لەوە دەکرد کە پێغەمبەر هێزی سی پیاوی هەیە"!! (بوخاری، حەدیسی ژمارە ٢٦٨. بەپێی مەرجی هەردو بوخاری وموسلیم حەدیسێکی صەحیحە!)، بەپێی هەندێك ڕیوایەتی تر "هێزی چل پیاو"! (ئەمە دەستەواژەی (محمد بن المثنی) یە کە یەکێکە لە پیاوانی سەنەدی ئەم حەدیسە) (بڕوانە: البیهقي، السنن الکبری. تحقیق: محمد عبد القادر عطا. مکتبة دار الباز، مکة، ١٩٩٤. جـ. ٧، ص. ٥٤). قەیدی چیە با چل پیاو بێ! گۆم تا قوڵ بێ لە مەلەی خۆشە! درۆ تا شاخدارتر بێ فانتازاییەتر!

ئێمە لێرەدا بڕوامان وایە ئەو زاتە لەخۆیدا لەم لایەنە شەخسیانەوە پیاوێکی موحتەرەم وئاسایی بوە ودور بوە لەم گاڵتەبازاڕیەی کە دواتر بەناڕەوا دەربارەی ساز کراوە.

ڕۆژگار بەتەنها خۆی بەسە بۆ دەرکەوتنی هەمو نهێنیەکانی کەسێتیە پیرۆزەکان، ڕەنگە نهێنیی وا ئاشکرا ببێت کە سەری مرۆڤ سپی بکات!

ئینجا من کە دەڵێم لە کولتوری ئیسلامیدا پیرۆزکردنی پێغەمبەر وجۆرێك لە پێغەمبەرپەرستی هەیە، هەر لە خۆمەوە وا ناڵێم وچەندین بەڵگە ونیشانەم بینیوەتەوە، لەوانە:

١. وتویانە وبڕوایان وابوە کە پشتی سەری خۆیشی بینیوە! (بوخاری: ٤١٨، ٧١٩، ٧٢٥) وگوایە سێبەریشی نەبوە (گێڕانەوەی: عەبدوڵڵای کوڕی موبارەك وتیرمیذیی حەکیم وئیبن جەوزی. هەرچەند گێڕانەوەیەکی بەهێز نیە). جا کەواتە ئەمە مرۆڤ نەبوە! مرۆڤ جەستەیە وسێبەری هەیە وپشتی چاوی خۆیشی نابینێت چونکە چاوی لەپێشەوەیە لەپشتەوە نیە! [هەندێك جار ناچارین شتی زۆر ڕون وبەڵگەنەویستیش بۆ باوەڕداران دوپات بکەینەوە!] (لەکاتێکدا لە قورئاندا دەڵێت: من تەنها مرۆڤێکم وەکو ئێوە: الکهف: ١١٠، فصلت: ٦).

٢. هەندێك حەدیس پەیدا بون کە خەلق وسەرەتای خەلق دەبەستنەوە بە کەسی پێغەمبەری ئیسلامەوە: گوایە پێغەمبەرایەتیی موحەممەد پێش ئادەم چەسپاوە! کە دەڵێت: "من لای خوا ولە (أم الکتاب) دا خاتەمی پێغەمەرانم وهێشتا ئادەم لە قورەکەیدا دەتلایەوە" یان "هێشتا ئادەم لەنێوان ڕۆح وجەستەدا بو" (گێڕانەوەی: حاکیم (ذەهەبی دەربارەی ئەم گێڕانەوەیەی حاکیم دەڵێت: صەحیحە. هەروەها گێڕانەوەی: ئیبن حیببان، ئەحمەد، تەبەرانی، بەیهەقی، ئەبو نوعەیم، بەززار وهەندێکی تر.. شێخ شوعەیبی ئەرناؤوت وتێرامان وپەرستشەکانی یەکلایی بکاتەوە و (تفرغ) بکات تا ڕادەی ئەوەی ببێتە دامەزرێنەری یەکێك لە ئایینە گەورەکانی جیهان. ئیتر لەڕاستیدا خەدیجە خاوەنی ماڵ بوە وپێغەمبەر نەیتوانیوە ژنی بەسەردا بهێنێت. لەڕاستیدا لەسەرەتاشدا هەر خەدیجە ناردویەتی بەشوێن موحەممەددا، واتە ـ ئەگەر دروست بێت بڵێین ـ خەدیجە موحەممەدی داخوازی کردوە. ئیتر لەڕاستیدا ئەو جۆرە پاساوە کەڵکی نیە وتوانای بڕواپێکردنی مرۆڤی هۆشیاری نیە. ئەوان نوسیویانە ودەڵێن: "هێنانی ئەو ژنە زۆرە پڕە لە حیکمەت وکاربەجێیی"! ئێمەش پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە بەهەری یەکەمی ئەو ژنانەی تەنها جوانی بوە وئەگەر هەندێکیان ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ئەودا یان لە کەلەپوری ئیسلامی ومێژوی ئیسلامیدا هەبوبێت ئەوە پاڵنەری هێنانەکەی نیە بەڵکو پاڵنەری ڕاستەقینە هەر جوانیەکەی بوە. تەنها (سەودە) جوان نەبوە ونەختێك ناقۆڵا وکەتە بوە حاڵی خۆش نەبوە وپێغەمبەر هاتوەتە سەر ئەوەی تەڵاقی بدات ئەویش پاراوەتەوە و وتویەتی "تەنها با بە ژنی تۆ بمێنمەوە، شەوەکەی خۆم دەدەم بە عائیشە"، بەڵام عائیشە گەنجتر وجوان بوە پێغەمبەر خۆشەویستییەکی تایبەتیی بۆی هەبوە وپلەوپایەی تایبەتیی لای هەبوە ونادار بوە بە (خۆشەویستەکەی ـ یان نازدارەکەی ـ پێغەمبەری خوا "حبة رسول الله").

ص. ١٤٣٨.

ابن تیمیة، *دَرْءُ تعارُض العقل والنقل. تحقیق: محمد رشاد سالم. دار الکنوز الأدبیة، الریاض، ١٣٩١ هـ.. ج. ٥، ص. ٢٣٧.*

هەرچەند ڕەنگە دواتر نوسراوەکەی (ئبن تەیمییە) پاڵفتە کرابێت وئەو بڕگەیەی لێ لابرابێت، چونکە ئێستە دو چاپی ئەو نوسراوەم لەلایە (چاپی "الطباعة المنیریة" لە میسر ولێکۆڵینەوەی "الشیخ عبد العزیز السیروان" لە لوبنان) وهیچیان ئەوەی تێدا نیە، بەڵام وەکو وتمان ئیبن تیمییە لە (*دَرْء التعارُض*) دا باسی دەکات وئەوەش ماوەتەوە.

٤. بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لە کولتوری ئیسلامیدا هەمیشە (خوا) و (پێغەمبەر) پێکەوە ولە یەك ئاستدا باس دەکرێن. لە قورئانیشدا گوێڕایەڵیی پێغەمبەر یەکسان کراوە بە گوێڕایەڵیی خوا: (من یطع الرسول فقد أطاع الله) (النساء: ٨٠).

٥. سەرباری ئەوەی لە قورئاندا هیچ نیشانەیەك نیە لەسەر ئەوەی قسەی پێغەمبەر لە دەرەوەی قورئان وەکو قورئان وەحی بێت وبگاتە ئاستی قورئان، بەڵام دواتر حەدیسیان بردوەتە ئاستی قورئان، وفەقیە وشەرعزانی موسوڵمانی وا هەبوە کە پێی وابوە دەقێکی حەدیس دەتوانێت دەقێکی قورئان نەسخ بکاتەوە! بەم پێیە بابێکی ئوصولی فیقە لای ئەوانە بریتیە لە (نەسخی قورئان بە سوننەت)! ئەمەش واتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەقە ئیسلامیەی کە تا ڕادەیەکی باش لە گەیشتنی دڵنیایین (واتە قورئان) بە کۆمەڵێك قسەوقسەڵۆك وحیکایەت وڕیوایەت کە کەس ناتوانێت سوێندیان لەسەر بخوات کە ئەوانە هەمویان قسەی پێغەمبەرن یان قسە ودەنگوباسی ئەو سەردەمەن!

٦. هەروەها سەرنج دەدەین زۆربەی موسوڵمانان سورن لەسەر ناوبردنی پێغەمبەر بە (سیّدنا)، کە (سیّد) لە بنەڕەتدا هەمان واتای (ربّ) واتە خوا دەگەیەنێت، پێچەوانەی زمانیی (سیّد) یش بریتیە لە (عبد). هەروەها (سیّدنا) بە چوار خەلیفەکەیش دەوترێت. لەناو موسوڵماناندا ناوی (عبد الرسول) یش هەیە.

دەربارەی فرەژنیی پێغەمبەری ئیسلام

کاتێك باسی (فرەژنی) ی پێغەمبەر دەکرێت، مەلاکان وهەمو داکۆکیکارە ئیسلامیەکان بەوە پاساو دەهێننەوە کە "پێغەمبەر تەمەنی گەنجیی خۆی لەگەڵ بێوەژنێکی بەتەمەندا بەسەر بردوە کە خاتو (خەدیجە) یە، وژنی بەسەردا نەهێناوە، وتەنها دوای مردنی خەدیجە ژنی تری هێناوە، ولە ژیانی هاوبەشیشی لەگەڵ ژنەکانی دواتریدا هەر بە وەفا بوە بۆ خەدیجە وزۆر جار باسی کردوە ویادی کردوە". ئەمە وەڵام وپاساوی مەلاکانە بۆ دیاردەی فرەژنی لە ژیانی پێغەمبەردا. سەرەتا من دەڵێم: شتێکی سروشتیە پیاو هەمیشە یادی ژنی یەکەمی بکات، بەتایبەتی ئەگەر منداڵی لێی هەبێت وبەکەڵکی هاتبێت ودوایی لێی مردبێت. بەڵام سەبارەت بەوەی کە پێغەمبەر ژنی بەسەر خەدیجەدا نەهێناوە کە ئەو لە هەرەتی لاویدا بوە، ئەمە نابێتە پاساو وکەڵکی نیە بۆ داکۆکیکردن لەو کەسێتیە، چونکە لە ڕاستیدا خەدیجە خۆی خاوەنماڵ بوە وئەو بەڕێوەبەری ئەو ماڵ وخێزانە بوە لەڕوی دارایی‌ەوە، ئاشکرایە وهەمومان دەزانین کە پێغەمبەر هەژار بوە وبۆ خۆی توانای دروستکردنی خێزانی نەبوە، بەڵام وا دەردەکەوێت لە سەرەتاوە چەند جارێك کاروانی بازرگانیی خەدیجەی ڕاپەڕاندوە ودواتریش چوەتە سەر ماڵی ئەو بێوەژنە دەوڵەمەندە، ئیتر کە چوەتە سەر ئەو ماڵە توانیویەتی خۆی بۆ بیرکردنەوە وتێرامان وپەرستشەکانی یەکلایی بکاتەوە و (تفرغ) بکات تا ڕادەی ئەوەی ببێتە دامەزرێنەری یەکێك لە ئایینە گەورەکانی جیهان. ئیتر لەڕاستیدا خەدیجە خاوەنی ماڵ بوە وپێغەمبەر نەیتوانیوە ژنی بەسەردا بهێنێت. لەڕاستیدا لەسەرەتاشدا هەر خەدیجە ناردویەتی بەشوێن موحەممەددا، واتە ـ ئەگەر دروست بێت بڵێین ـ خەدیجە موحەممەدی داخوازی کردوە. ئیتر لەڕاستیدا ئەو جۆرە پاساوە کەڵکی نیە وتوانای بڕواپێکردنی مرۆڤی هۆشیاری نیە. ئەوان نوسیویانە ودەڵێن: "هێنانی ئەو ژنە زۆرە پڕە لە حیکمەت وکاربەجێیی"! ئێمەش پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە بەهەری یەکەمی ئەو ژنانەی تەنها جوانی بوە وئەگەر هەندێکیان ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی ئەودا یان لە کەلەپوری ئیسلامی ومێژوی ئیسلامیدا هەبوبێت ئەوە پاڵنەری هێنانەکەی نیە بەڵکو پاڵنەری ڕاستەقینە هەر جوانیەکەی بوە. تەنها (سەودە) جوان نەبوە ونەختێك ناقۆڵا وکەتە بوە حاڵی خۆش نەبوە وپێغەمبەر هاتوەتە سەر ئەوەی تەڵاقی بدات ئەویش پاراوەتەوە و وتویەتی "تەنها با بە ژنی تۆ بمێنمەوە، شەوەکەی خۆم دەدەم بە عائیشە"، بەڵام عائیشە گەنجتر وجوان بوە پێغەمبەر خۆشەویستییەکی تایبەتیی بۆی هەبوە وپلەوپایەی تایبەتیی لای هەبوە ونادار بوە بە (خۆشەویستەکەی ـ یان نازدارەکەی ـ پێغەمبەری خوا "حبة رسول الله").

بۆ لاپەڕە (١٥)

بینین

♦ دڵسۆز حەمە

عەرەبەکان !!

لە دوای ١١ی ئەیلول ،کە زۆر لە خەڵکی ڕۆژئاوا بە ڕۆژی وەرچەرخانێکی گەورەی دادەنێت لە مێژوی دونیادا ،بە دەیان تەفسیری جیاوازیش هەیە لەسەرمانا و جۆری ئەو وەرچەرخانە ،یەکێك بە سەرەتای یەکلابونەوەی کێشمەکێشمی شارستانیەکان ،یەکێکی دی بە شەڕی تیرۆر دژی دونیای ئازاد ودیموکراسی ،ئەوی دیان بە شەڕی ئایینی ئیسلام ومەسیحی ،یەکێکی دی بە بەرەنگاربونەوەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا ،دەیان تەفسیری دی کە دەکرێت هەمویان بە جۆرێك لە جۆرەکان دیوێك بن لە دیوەکانی ڕوداوەکە ،پێکهاتەیەك بن لەوپێکهاتەزۆر وجیاوازانەی وێنەی ڕوداوەکەی لەوساتەوەختەدا پێکهێنا ،بەڵام لەدواجاردا ئەوەی بکەری ڕاستەوخۆی ڕوداوەکە بو کەسانێکی عەرەب بون خیتابی ڕاستەوخۆ وبەهێزی پشتی ڕوداوەکەش خیتابێکی عەرەبی ئیسلامی بو ،ئەوانەش کە ڕژانە شەقامەکان بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی وپشتگیری خۆکوژەکان وئۆپەراسیۆنەکە شەقامی عەرەبی بو ،ڕای ئێمە هەرچیەك بێت لەهەمبەر ئەمەریکاو ئەخلاقی سیاسی ئەو وڵاتە وکێشەی خوێناوی فەلەستین وهەر کێشەیەکی عەرەب وغەیرەعەرەب ،وامان لێناکات لەو ڕوداوە واوەتر نەبینین ،نەپرسین،ووردنەبینەوە کە بۆ عەرەبەکان لە دونیادا بەرخوردی وەها خوێناوی ووێرانەکارانە دەکەن لە بەرەنگاربونەوە وشەڕکردن لەگەڵ نەیارەکاندا ،لە ڕۆژئاوادا دوای ئەو ڕوداوە وچەند ڕوداوێکی تیرۆریستی تر کە هەرهەموی بکەرەکانی عەرەب بون ،هەندێك لەو عەرەبە فەرەنسی وئەمەریکی وئەڵمانی وهۆڵەندیانەبون کە نەوەی دووەم وسێهەمی ئەو موهاجیرە هەژارانەبون کەلە وولاتانی عەرەبەوە هاتونەتە ڕۆژئاوا وزۆرێکیان زمانی عەرەبیش نازانن ،دوای ئەو ڕوداوانە لە ڕۆژئاوادا ڕۆژانە ١٨٠ کتێب وبڵاوکراوە لەسەر ئیسلام دەردەچێت ،ڕۆژانە تۆڕەکانی ئاسایش وکۆنترۆڵی ئاسایش لەسەرانسەری ڕۆژئاواو ئەمەریکادا لە پەیوەندی وچاوکراوەییدان ، لەهەمبەر هەر ناوێکی عەرەبیدا لە فرۆکەخانە وپرسگەو خاڵەکانی هاتوچۆدا کۆنترۆڵێکی زیاتر وفۆکەیسێکی چرتر دەکرێتە سەر هەڵگری ناوەکە ،ئەگەر ئەوە بە دیوێکدا وڵە ڕوی مافەکانی مرۆڤ وپەرنسیبەکانی ئازادی تاکەکەسی وحورمەتی مرۆڤەوە تەماشا بکرێت زیادەڕۆیی بێت بەرانبەر هەمو ئەو پرسانە ،بەدیوێکی تریشدا پاراستنی ئاسایش وژیانی خەڵکانی تر وکۆمەڵگا ودەسکەوتەکانێتی کە چەندان سەدەیە ڕۆژئاوا سەرقاڵی بیناکردن وچەسپاندنی هەمو ئەو دەسکەوتانەیە کە لەناویاندا ئازادی وئاسایش ودیموکراسی وباری گوزەرانێك کە دەیان هەزار عەرەبی ڕاکێشاوەتە ئەم کیشوەرانە ،لە سێبەری ئەو عەلەمانیەتەی دونیای عەرەب ڕقی دونیای لێیەتی دەژی و مزگەوت دروست دەکات وڕیش دادەنێت ونەك سەرپۆش چادروچارشێو ومانتۆ وپەچە بۆ ژن ومنداڵ گەورەو بچوك دەگرێتەوە وبە پانتایی ئازادی ناو سیستەمی دیموکراسی ژیان دەکات ،بەڵکو هەر لەوێشدا دەیان پیاوانی ئایینی وخەڵکانی ئایینی توندڕەو دەژین وخۆیان ڕێکدەخەن وسەرقاڵی دروستکردنی نێتی تیرۆریستی وتۆقاندن وڕوخان وتێکدانی هەرجۆرە ئازادی وجوانی وکراوەییەکن لە ژیاندا ،دیموکراسی ڕۆژئاوا لەژێر هەرچەشنە پرسیارێکدابێت ،بەهانەیەك نیە بۆ ڕوخان و تێکدان و کوشتنی خەڵکانی مەدەنی لەو مۆدێلی خۆتەقاندنەوانەدا کە عەرەب دایهێناوە ،ئەگەر ڕۆژئاوا خاوەنی بونیادێکی بەهێزی دەوڵەتی وئابوری ودامودەزگایی وئاسایشی لەلایەك وخاوەنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرز و ڕایەکی کۆمەڵایەتی بەهێز بن لەدژی تیرۆریزم و ماناکانی و ئەو خیتابەی جیهادی عەرەبی بانگەشەی بۆدەکات ،نەبونی هیچ ئەگەرێکی مێژویی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگی بۆ ڕەگداکوتان وجێکردنەوەی خیتابی ئیرهابیی عەرەبی لەناو غەیرە عەرەبەکانی ڕۆژئاوادا ،ئەگەر ئەمانە ودەیان فاکتەری گرنگی تر زامنی شکستهێنانی ئیرهابی عەرەبی ودرێژبونەوەی ئەو جۆرە شەپۆلە بێت بەناو ژیانی فەرهەنگی وئابوری وکۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایانەدا ،ئەوا دەبێت حالی کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردی چۆن بێت لەگەڵ عەرەبدا کە بەدەیان گرێی زۆرەملێیی وگرێی ڕێکەتە مێژویی وجیۆپۆلەتیکەکان بە کۆمەڵگایەکەوە بەستویانەتەوە لێوانلێو لە ڕۆحی شۆڤێنیست وتوندوتیژی و وێرانەکاری و کۆنەپەرستی کە ئەم سیفەتانە لە چەمکی عروبەو ئیسلامدا چڕکراوەتەوە جیهاد وەکو ماشێنێکی سیحراوی دەتوانێت ئاراستەی هەمو ئەو ووزانە بکات کە لەو دوچەمکەوە کۆدەکرێنەوە ،ڕۆژانە دەبینین کە چۆن ئەو دو چەمکە وچەند بە ئاراستەیەکی خێراو بێپەردەو تۆندو تیژ کاردەکات لەسەر ئازادی و دیموکراسی وژیانی کۆمەڵایەتی لە عێراقدا ،جگە لەو بێباکی و بێبەرنامەیی ونائاگایی ونەبونی پلان وستراتیژ وخەونی هاوبەشی سیاسی و نەبونی کادری خوێندەوار وهۆشیار لە بەرەی سیاسی هەمبەر عەرەبەکاندا ،جگە لەم فاکتەرانە ،عەرەبەکان بۆ خۆیان لەمپەرێکی ترسناکن لەپێش فەراهەمبونی ئازادی وچەسپاندنی دیموکراسی وعەدالەت وپێکەوەژیانی خەڵکانی غەیرەعەرەب لەگەڵیاندا ،فەرهەنگی شۆڤینی وتۆتالیتاری و وێرانەخوازی بەعس لە مانتالیتایتی زۆرینەی ئەو هێزە عەرەبیانەدا ئامادەن کە ئێستا لە عێراقدا لەدەسەڵاتدان ،نەك هەرئەوە ،شیعەو سونەکان ئەگەر لە نێوان خۆیاندا کێشەی ئایینی ومێژوویەکی خوێناوی و یادەوەری ئازاراوی و شەڕی قۆرغکردنی دەسەڵات بکەن ،ئەوا هەردوکیان لەد